
# کۆترو پۆلۆنیاو ئاشتی لە ژیانی بیکاسۆدا



شێرزاد هەینی

## تابلۆی پەرییەکە لەسەر دیواری ماڵێک لە وارشۆ

فرانسواز جیلوی ژنی شەشەمی بیکاسۆ، بە بۆچوونی رەخنەگرەکان ئەو ژنەیان بە سەروەری بیکاسۆ بووە، ئەو ژنە لە کتێبەکەیدا بەناوی (ژیانم لەگەڵ بیکاسۆ)دا نووسیویەتی، کەوا بابلۆ بۆ یەکەم جار لە سەفەرێکی سێ هەفتەییدا بۆ پۆلۆنیا منی جێهێشت، لەوێوە گەڕابۆوە پاریس، لەوێش هەفتەیەک ماوەتەوە، ئەوەش پێشینەی باهۆزەکەیان بووە، کە جیابوونەوەکەی ساڵی ١٩٥٣ی لێکەوتەوە، پاش ئەوەی بەئارامی دە ساڵ بەیەکەوە ژیاون، بیکاسۆ هەموو وزە داهێنەرەکانی لەتەک ئەو ژنە ناسکەبووە، کە ٤٠ ساڵ لە خۆی بچووکتربووە، لەبەر چاوانی ئەو پاریسی جێهێشتووەو هاتۆتە شاری (فالوریس)ی خوارووی فەرەنسا، کە رۆژانە بەردەوام وێنەی کێشاوەو پاشان قووڕکاریی خزفی کردووە، دوایی گەڕاوەتەوە سەر چاپی بەردین لیتوگرافی کردووە، ئەوەشی بۆ کردنەوەی مۆزەخانەیەک بووە بەناوی بابلۆ بیکاسۆ بکرێتەوە، کە بیکاسۆ وتوویەتی سەفەری پۆلۆنیا دەکەم، بەو سەفەرەی دڵشاد نەبووە، چونکە ئەو کەم ماوەی وا درێژ یەکتریان جێهێشتبوو، چونکە بەتەنها لەگەڵ (کلود) کوڕەکەی لە ماڵەوە ماوەتەوە، کوڕەکەی تەمەنی دووساڵ بووە، کارەکەی بەسەر شوفێرەکەو سکرتێرە تایبەتییەکەی (مارسیل بوودین) جێهێشتبوو.

## وردەکاریی گەشتەکەی بیکاسۆ بۆ پۆلۆنیا

لە بەیانیی رۆژی ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٤٨ لە شاری فرویسوفی پۆلۆنی بەرنامەکانی کۆنگرەی جیهانیی یەکەمی رۆشنبیرانی بەرگری لە ئاشتی دەستپێکردووە، لە سەعات یەکی نیوەڕۆ فڕۆکەکەی بابلۆ بیکاسۆ کە لە پاریسەوە هاتبوو نیشتەوە، فڕۆکەکە فڕۆکەیەکی سەربازیی رووسی بوو، حکومەتی پۆلۆنی بۆ خزمەتی بیکاسۆی دانابوو، بیکاسۆو هەردوو هاوڕێی شاعیری فەرەنسی (بول ئیلوار) و شوفێرەکەی مارسیل بوودین و سێ رۆژنامەنووسی هاوشان بوون، لەگەڵ ئەندامانی وەفدە پۆلۆنییەکەش، سکرتێری یەکەمی سەفارەتی فەرەنسی لە پۆلۆنیا ئامادەی پێشوازیی ئەو بوون، بیکاسۆ ٢٠ پارچە خەزەف و دوا بەرهەمەکانی هێنابوو، کە لە هۆڵێکی سەرکردەی تەنیشت هۆڵی کۆبوونەوەکە نمایشکرا.

ئەو نمایشە یەکەمین نمایشی هونەریی لەو بابەتەی بیکاسۆبوو، ئەو شارەی بیکاسۆی لێ دابەزیبوو، لە شەڕەکەی دووەمی جیهانیدا کاول بووبوو، کە دەکەوتە تەنیشت سنووری ئەڵمانی- پۆلۆنی، لە رۆژانەی کۆنگرەکە، کە بیکاسۆ لە نێوان هوتێلی مونوبول و هۆڵەکەی کۆنگرە هاتوچۆی دەکرد، هاوولاتیانی پۆلۆنی بۆ دیتنی ئەو بەڕیز وەستابوون، نیشانەی رێزیان ئاراستەی دەکرد، بیناکان و ناوچەکە بە دروشمەکانی کۆنگرەکە رازابوونەوە، لەناو دروشمەکاندا ناوی بیکاسۆش ئامادەبوو، وەک :

تۆ ئەی پیاوی ئاشتی لەناو دڵماندا بوونت هەیە.

ئەی خاوەنی گورنیکا (ئەوەش ئاماژەیە بە تابلۆ ناودارەکەی بیکاسۆ بەناوی گورنیکا، کە ساڵی ١٩٣٧ وەک هەڵوێستێک دژ بە دیکتاتۆرەکەی ئیسپانیا فرانکو دروستی کردبوو). پۆلۆنیا پێشوازی لە هاوڕێی مەزن بیکاسۆ دەکات.

بیکاسۆ ساڵی ١٩٦٤ ئەندام بوونی خۆی لە حزبی شیوعی فەرەنسی راگەیاندبوو. ئەو دروشمانەو پێشوازییە گەرمەکەی پۆلۆنییەکان بیکاسۆی دڵشادو کامەران کردبوو.

وەرگێرە پۆلۆنییەکەی (ئیڤا لیبینسکا) لە رۆژانەکەی خۆیدا نووسیویەتی:

بیکاسۆ بەو رەوشە وەک منداڵێک دڵشادو کامەران بوو، بڕوای نەدەکرد، کە منداڵەکان دەوریان دابوو، بە ئامادەبوونی کەسە سادەکانیش زۆر کامەران بوو. ئەوەیان بۆ ئەو یەکەمجار بوو وا بەگەرمی پێشوازیی لێبکرێت و هاوولاتیان دەوریان دابوو، بیکاسۆ لە دانیشتنەکانی یەکەمی کۆنگرەکەدا هێمن و بێدەنگ بوو، نە بەشداریی گفتوگۆ گەرمەکانی کردو نە تێبینییەکانیشی تۆماردەکرد، لەناوەندی هەر یەک لە شاعیر بۆل ئیلوارو مارسیلی شوفێرەکەی و وەرگێڕە پۆلۆنییەکەی لە رێزی پێشەوە دادەنیشت. کە ئێوارانیش دەگەڕایەوە هوتێل، کارو بەرنامەی دیمانەو دیداری زۆر دەبوو، لەگەڵ نازدارەکەی نوێنەری سریلانکا (دی سیلفا)ی ئەندام زراڤی نازدار زۆر دڵگەش دەبوو.

ئێوارەکەی رۆژی یەکەمی کۆنگرەکە بیکاسۆ لە سێ هاوڕێکەی دووردەکەوێتەوو لە خوانەکەیان لە هوتێلی مونوبۆل دەچێتە سەر خوانی چەند کیژۆڵەیەک، لە ناوەندیان دەمێنێتەوە، لەگەڵ هەڵدانی پێکی یەکەمی، بیکاسۆ هەست دەکات گەرمایەتی، بۆیە بە کیژێکیان دەڵێ: دەکرێ چاکێتەکەم داکەنم، پاش چەند دەقەیەک دووبارە داوا دەکاتەوە ملپێچەکەشی لەملی بکاتەوە، پاشان کراسەکەشی دادەکەنێ، بەوەش بە سنگ رووتی و ئەسمەری دەمێنێتەوە، وەک چۆن لە مەرسەمەکەی لە فالوریس کاردەکات، نەک لە رێستورانتێکەو لەسەر خوانیکی رەسمییە. لە دوورەوە بۆل ئیلواری شاعیری هاوڕێی ئەو دیمەنەی بیکاسۆ دەبینێت، بە ژنە وەرگێڕە پۆلۆنییەکە دەڵێت، زووکە بگەرە بیکاسۆ، وا بڕوات پانتۆڵەکەش لەپێ دەکاتەوە، ئەویش دەچێتە لای بیکاسۆ و ئیقناعی دەکات، هەر هیچ نەبێ چاکێتەکەی بکاتە سەر شانی. کە ژنەکان بەشی رووتی بیکاسۆ دەبینن، یەکێکیان هاواری لێهەڵدەستێت و دەڵێ، ئەوەیە سنگی پیاو، ئەگەر ئاوا نەبێت، با هەر نەبێت، ئەوەیە جەستەی راستەقینەی پیاوان..!

لە دوای کۆتایی هاتنی مەراسیمی ئێوارەخوانەکە، یەکێک لە ئەندامانی وەفدە رووسییەکە شانازی دەکات

به ئامادەبوونی بیکاسۆ لەو کۆنگرەیە، بەڵام گلەیی هەبوو لەسەر شێوە بۆرژواییە خۆرئاواییەکەی، لە شێوازی کارکردنی لە مەرسەمەکەی، کە شێوەیەکی زۆر ناشیرینە. لەناو بێدەنگیی هۆڵەکە بیکاسۆ هەڵدەستێتەوەو وەڵامی ئەندام وەفدە رووسییەکە بەو شێوەیە دەداتەوە:

من بواری نادەم بەو شێوەیە ئەو کەسە قسە لەسەر من بکات، جا ئەو کەسە هەر کەسێک بێت..! کێ نازانێ ئەو کەسە کێیە، ئەگەر دەیەوێت جنێویشم پێ بدات، دەبێ بزانێت کام زمان و دەستەواژە هەڵبژێرێت، ئینجا ئیدانەی دامەزرێنەری شێوەی تکعیبی بکات، زووتر نازییەکان لە ئەڵمانیاو لە فەرەنسا لە سەردەمی داگیرکردنەکە منیان بە نیگارکێشێکی جوولەکەو مارکسی شووبهاندبوو.!

بەو قسانە هەموو لایەک کەوتنە مقۆمقۆ، گلەیی لە هەموولایەک بەرزبۆوە، پۆلۆنییەکان ویستیان وەفدە رووسییەکە ساردبکەنەوە، وتیان:

ئەگەر ژمارەیەک لە تابلۆکانی بیکاسۆش کاڵفام و ناشایستە بن، ناکرێ قبووڵ بکەین میوانەکەمان ریسوابکرێت.

## بیکاسۆ لەسەر سەکۆدا:

لە رۆژی کۆتایی کۆنگرەکەدا (شەممە ٢٨ی ئاب) لە بێدەنگیی رۆژەکانی رابردوو تەقییەوە، ئەو بەیانی سەبارەت بە شاعیری شیلی بابلۆ نیرۆدا خوێندەوە (نیرۆدا یەکێک بوو لە هاورێیە نزیکەکانی بیکاسۆ) لەو دەمانەدا لە وڵاتەکەی (راوندابوو)، کە بیکاسۆ هەڵساوەتەوە سەر سەکۆیەکەو داوای قسەکردنی کردبوو، هەموولایەک لایان سەیربوو، کەوا بیکاسۆ کەسێکی وتارخوێن نەبووە، هەموو هەستیان کردبوو. وا کەسێک هێمنانە بەرەو سەکۆکە دەڕوات، هەموو بەسەرسامی نیگایان لەو بڕیوە، نزیکەی هەزارکەس لە بەندی ئەوبوون (دانیشتنەکە دوا دانیشتن بوو، راستەوخۆ لە رادیۆیەکانی پۆلۆنی و بێگانەکان پەخش دەکرا).

بیکاسۆ لەسەر سەکۆکە راوەستابوو، سەرەتا بەزمانی ئیسپانی وتەیەکی کورتی پێشکەش کردبوو، بە حەماسەوە باسی نیرۆدای هاورێی کردبوو، بەدیمەنێکی شانۆگەریانە دەیووت:

کەی راستە نیرۆدا بەو شێوەیە بژی، لە وڵاتەکەی خۆیدا راونێردراوە، کەس نازانێ لە کوێ خۆی شاردۆتەوە، وەک بنیادەم ناژی، وەک سەگ راونێردراوە، کەس شوێنەکەی نازانێت، ئەو کۆنگرەیە نابێتە کۆنگرە تا تاکە ئازادەکانی وەک ئێمە، تا بابلۆ نیرۆدا ئازاد نەبێت.

پاش ئەو وتە کورتە لەگەڵ چەپڵەیەکی گەرمی ئامادەبوواندا بەیانی کۆتایی کە ئامادەبووان دەنگیان بۆی دابوو خوێندەوە. ئەوەی شایانی باسە ئەنجومەنی ئاشتیی جیهانی لە سەرەتای مایوی ساڵی ١٩٧٣ و لە یادی ٢٥ ساڵەی بەستنی کۆنگرەکەو یادی کۆچی دوایی بابلۆ بیکاسۆ، بڕیاری دابوو لە کۆبوونەوەیەک نیرۆدا ئامادەبێت، ئەو لەسەر سەکۆکەی بیکاسۆ ئامادەبێت، بەڵام لەبەر رەوشی سیاسیی شیلی نەکرا ئامادەبێت، نیرۆدا پاش کودەتاکەی دیکتاتۆر بینوشیت لە ٢٣ی ئەیلول لە سنتیاگۆ کۆچی دوایی کردووە.

## بیکاسۆ لە میدیای پۆلۆنییدا:

لە بەیانی رۆژی ٢٩ی ئاب، بیکاسۆ گەیشتۆتە وارشۆ، لە هوتێلی (بریستول) ناوەندی شارەکە دابەزیبوو، بەردەوام هەموو رۆژەکانی میوان و دیمانەی هەبووە، بەردەوام وێنەی دەکێشا، وێنەیەکی پۆرترێتی نووسەری رووسی هاورێی (ئیلیا ئارنبورگ) بە قەڵەمی کاربۆن کێشابوو، وێنەیەکی بۆ وەرگێڕە پۆلۆنییەکەشی کێشابوو، ئێوارەکەی لەسەر شەرەفی ئەو، حکومەتی پۆلۆنی خوانێکی بۆ رۆشنبیران و ئەندامانی وەفدە جیهانییەکە سازکردبوو.

وەفدەکە لە رۆژی دووشەممە سەردانی کەلاوەکانی وارشۆی کردبوو، بۆ بەیانی بە فڕۆکەیەکی تایبەتی بیکاسۆ گەیاندرایە سەر کەلاوەکانی شاری (کراکۆف)ی مێژوویی، کە سێ رۆژی تێدا مایەوە، سەردانی زۆر لە شوێنەکانی کردبوو، مۆزەخانەو پێشانگەکەی شارەکەی بەسەرکردبۆوە، لەوێ چەند نمونەی جلوبەرگی میللیی کڕیبوو، یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی سەردانەکەی ئەو بۆ ئەو شارە، سەردانی ئۆردوگای گیراوە نازییەکانی



پیکاسۆ

کردبوو، فڕنەکانی گازی بینیوە، دیتنی ئەو فڕنانە زۆر کاریگەریی لەو کردبوو، بە شێوەیەک ناکرێ وەسف بکرێت، وەرگێڕەکەی وتبووی، چەند سەعاتێکیش نەمانتوانی قسەی لەگەڵ بکەین تووڕەیی بە چاوانییەوە دیاربوو، بەسەر ئیشارەتی بۆ کردبوون لێم دووركەونەوە، من لەو دەمانەدا نەمتوانی لێی نزیک ببمەوە، بەردەوام جگەرەی بە دەستەوەبوو، لە ٣ی ئەیلول گەڕاوەتەوە وارشۆ، لەوێوە بەرنامەکانی تری جێبەجێکردووە، لەیەکێک لە گەڕەکەکان کاری نۆژەنکردنەوەی تێدا بەردەوامبووە سەردانی کردوون، کە باڵەخانە نوێیەکانی بینیووە، کە بە ڕەنگی سپی بۆیە کرابوون، دڵی خۆش بوو، بۆیە داوای کردبوو لەسەر لاپەڕەکانی دەفتەری میوانەکان چەند دێڕێک بنووسێت. کە سەردانی شاری کراکۆفی کردبوو لە ئۆردوگاکە تەنها ئەوەندەی کردبوو، کە تەوقیعی زۆری لەسەر شیعرێکی بول ئیلوارکردبوو. لەوێ قەڵەمە کاربۆنەکەی لە گیرفانی دەرهێنابوو، لەسەر دیواری یەکێک لە ژوورەکان، بەچەند دەقەیەک وێنەی پەرییەکی (حوریە) لەسەر دیوارەکە نەخشاندبوو، تابلۆکە (سرینا ـ پەرییەی دەریایەکە) تابلۆیەکە بە نیگایەکی ترەوە هێمای شاری وارشۆی کردبوو، کە لەجیاتی چەک چەکوچی کارکردنی لەدەستە، ئەوەش هێمای دروستکردن و بیناکردنی ئەو شارو وڵاتە بوو، لەلای ڕاستی تابلۆکەش ناوو تەوقیعی لەسەردانابوو، تابلۆکە درێژییەکەی دوو مەترو پانییەکەی نیو مەتر دەبوو. هەواڵی ئەو تابلۆیەو ئەو حوریە لە ڕۆژنامەکان بڵاوکرایەوەو لە ڕادیۆییەکان باسکرا، بۆیە هاووڵاتیان پەرۆش بوون ئەو تابلۆیە ببینن.

کە تابلۆیەکە ناوبانگی دەرکرد، شارەوانیی وارشۆ بیری لەوە کردەوە تابلۆیەکە بپارێزن، ژنێک بە ناوی سافیسکاو مێردەکەیان (کە مناڵیان نەبوو) دەستنیشانکرد لەو ژوورە بژین کە تابلۆیەکەی لەسەر دیوارەکەدا کێشراوە، وەک مۆزەخانەیەک سەیری بکەن، کە بەردەوام میوان و بینەری هەبووە.

لە کۆشکی کۆماری بەرنامەی بەڕێکردنی بیکاسۆ سازکرا، ئەو و ئیلوار لەلایەن سەرۆک کۆمار (بولسوف بیروت) مەدالیای گەشەپێدانی پۆلۆنیایان وەرگرتبوو. بیکاسۆ بە هەمان بەدلەکەی ڕۆژی یەکەمی گەیشتنی بۆ پۆلۆنیا کە بەدلەیەکی خاکی و کراسێکی سپی و ملپێچێک بوو، لە پێشوازییەکەی کۆشکی کۆماریش بینرابوو، ئەتەکێتی ئەو شوێنەو لەو بۆنە ڕەسمیانەدا، وا دەخوازێت جلی تایبەتی بپۆشن، بەڵام ئەو وەک چۆن لە ئامادەبوونەکاندا بینرابوو، واش سەردانەکەی کردبوو، بیکاسۆ لە کۆشکی کۆماری بایەخی بەو ئەتەکێتە نەدابوو. لە وێنەکەدا دیارە کەوا چاکێتەکەی بەری سێ قۆچپەشی کەمبوو، قۆچپەکانی قۆڵی ڕاستیشی وەک قۆڵەکەی تری نەبووە.

فرانسواز جیلوی هاوسەرەکەی سەبارەت بە مۆدەو جلوبەرگەکانی لە بیرەوەرییەکەیدا نووسیویەتی: بیکاسۆ پیاوێکی نامۆبوو، زۆر کەم جلی نوێی کڕیوە، ئەوەندەساڵەی بەیەکەوە بوون ئەو پیاوە دوو بەدلەی

کۆنی هەبوو بەردەوام ئەو دوو بەدلەیەی لەبەربووە، کە (بالوما) کیژی لەدایکبوو بەدلە کۆنەکەی لەبەرکردووە کە سواری ئوتومبێلەکە بوو، بۆ نەخۆشخانەکە سەرچۆکی پانتۆڵەکەی دڕابوو، بینیم چۆکی بەدەرەوەبوو.

لیژنەی پێشوازییەکەی کۆشکی کۆماری پۆلۆنی ویستبویان بواری چوونە ژوورەوەی شۆفێرەکەی بیکاسۆ نەدەن، بەڵام ئەو داواکەی ئەوانی قبوڵ نەکردبوو، بۆیە کە سەرۆکی کۆمار میدالیاکەی بە بیکاسۆوە کردبوو، شۆفێرەکەی لە تەنیشتی وەستابوو. بیکاسۆ زۆر جار وتوویەتی مارسیلی شوفێرەکەم پارچەیەکە لە خاکی فەرەنسی، بەڵام کە شۆفێرەکەی ڕۆژێکیان لەناو یەکێک لە شەقامەکانی پاریس سەرپێچییەکی هاتوچۆیکردو ئوتومبێلەکەی زەرەرمەندکردبوو، پەیوەندییەکیان وەک جاران نەما. ئەو لە زۆر لایەنی ژیانی خۆی، پرسی بە شۆفێرەکەی کردبوو.

کە لە وارشو دەرچووە بۆ یادگار لەسەر یەکێک لە قاپەکانی ریستورانتەکان تەوقیعی خۆی و ڕۆژی دەرچوونەکەی لە هوتێلەکەی بۆ جێهێشتبوون، ئەو قاپە تا سەرەتای هەشتاکانیش لەناو جامخانەی هوتێلەکە مابوو. کە لەو سەفەرە گەڕابووە یەکسەر لە پاریس نەگەڕابووە لای کلودو دایکی، لەگەڵ حزبی شیوعیی فەرەنسی بۆ دامەزراندنی نووسینگەی جیهانیی پەیوەندییەکان، بۆ یەک هەفتە لە پاریس ماوەتەوە، ئەو نووسینگەیەی کە نیازبووە لیژنەیەک بۆ کۆنگرەی یەکەمی جیهانی بۆ بەرگری لە ئاشتی دامەزرێنێت.

## ژیان لەگەڵ پەرییەکەی بیکاسۆ:

لەیادی دوو ساڵەی کۆچی دوایی بیکاسۆ لە ڕۆژنامەی سیاسەتی پۆلۆنی لە نیسانی ساڵی ١٩٧٥ دیمانەی ئەو ژنە کرابوو کە لەو ژوورە ژیابوو تابلۆی پەرییەکی بیکاسۆی تێدابوو، ئەوەی ئەو ماوەیە لەگەڵ مێردە نەخۆشەکەی تێدا ماوەتەوە، کە یەکێک بووە لە گیراوەکانی بەندیخانەکانی ئەڵمانییەکان، ئەو ژنە وایدەازنی مانەوەو ژیان لە تەنیشت تابلۆیەکی مەزنی بیکاسۆ مایەی خۆشحاڵی بووە، هەستی بەئارامی و سەربەرزی کردووە، ئەو وتوویەتی:

من بەیانی پەردەی سەر تابلۆکەم هەڵداوەتەوە، شەوانەش بەهەمان پەردە تابلۆکەم داپۆشیوەتەوە، بۆ میوانەکانیشی دەفتەری پێشوزایم دانابوو، لە ژێرەوەش چەپکە گوڵم بۆ گەورەیی تابلۆکە ریزکردووە، لەژێر دەفتەرەکە نووسیبووم: تکایە سەرنجەکانی خۆت و تەوقیعەکە لێرەو لەناو ئەو دەفتەرە بیرەوەرییە بنووسە.

شوقەکە (فلات) ڕووبەری ٣٤ مەتر دووجابوو، بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بەبەردەوامی پێشانگەی هاووڵاتیان بووە، خوێندکاران و کەسایەتییە سیاسییەکان و ڕووناکبیرانی گەورە ڕوویان تێکردووە، لەوانە سەرۆکی دەوڵەت و پەرلەمانتارانی پۆلۆنی و وەزیرەکان و سەرۆکی نمایندە سیاسییەکان و میوانە بێگانەکان سەریان لێداوە. بڕیاربوو لە ڕۆژانەی کۆنگرەی دووەمی ئاشتیی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٥٠ لە وارشۆ بیکاسۆ ئامادەبێت، بەڵام بە بیانوی کێشەی کۆمەڵایەتی بەشدارنەبووە، لەو کۆنگرەیەش بەشداربووەکانی کۆنگرەکە سەریان لە مۆزەخانەو پیشانگەکەی شوقەکە داوە، پرسیارەکەش لەوەدایە ئەگەر بیکاسۆ لەو کۆنگرەیە بەشداربووایە چی دەبوو..؟

خاوەنی شوقەکە سافیسکا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە کەوا ڕۆژێکیان لە سەعات یەکی نیوەڕۆ لە ژوورەوە پاڵی داوەتەوە کە لە دەرگا دراوە، بینیوویەتی، سەرۆکی دەوڵەت بە هاوڕێیەتیی سەرۆکی پەرلەمان و چەند وەزیرێک و ژمارەیەک لە یاوەرانیان بۆ سەردانی تابلۆکە هاتوون، ژنەکە وتوویەتی، سەرۆک لە پێش تابلۆکەی سەردیوارەکە وەستابوو گوێی لە ڕاڤەی تابلۆکە ڕاگرتووە، کە قاوەم پێشکەشکردوون، هەستم بە خۆشیی زۆر کردووە، لەو دەمانەدا سەرۆک پەرلەمان بەپێکەنینەوە پرسیبووی، هاوڕێیان بە نووستن لەگەڵ ئەو حورییە ناترسن.. هەست بەترس ناکەن ئەو تابلۆیە لە ژووری نووستناندایە..؟ ڕووی لە من کردو وتی، هاوڕێیەکەم.. بڕوا بکەن ژنەکەم هەموو سامانی دونیای لەپێش دابنێن ناوێریت یەکشەو لەو ژوورە بخەوێت،

بەبزەوە مێردەکەم وڵامی دایەوە: گەورەم بۆ هەموو شوێنێک کەسی خۆی هەیە..!

کە میوانەکانم لە ژوورەکەمان هاتبوونە دەرەوە، هەموو خەڵکی گەڕەکەکەمان لە دەرەوە لە بەندی ئەوان بوون، لەوانە دانیشتووانی کۆنە سەربازگەکەی نزیک ئێمە، داواکاربوون بواری نیشتەجێیان بۆ باش بکەن، .. لەولاشەوە بۆ گیانی سەرۆک دروشم دەوترایەوە، لە پاش ئەو دیمانەیە سەرۆک بڕیاری دابوو لە شوێنی سەربازگەکە گەڕەکێکی نیشتەجێی دروست بکەن، سەرەتا ناویان لەگەڕەکە نابوو، کۆنە سەربازگەکە، بەڵام پاشان ناویان بە گەڕەکی (بیروت، سەرۆکی ئەو کاتی پۆلۆنیا) گۆڕیبوو. بۆیەش من دەڵێم، دروستکردنی ئەو گەڕەکە بەشکۆیی و شانازیی تابلۆی پەرییەکە دەگەڕێتەوە، بۆیەش دانیشتوانی گەڕەکە نوێیەکە بەشانازییەوە تابلۆیان بە دەرگاکانیان هەڵواسیبوو سوپاس بۆ بیکاسۆو سوپاس بۆ سەرۆک، بە هۆی ئەو تابلۆیەش من بوومە کەسێکی ناسراوو شایستەتر، کەسانی وا هەبوون ناوی خاوەن بیکاسۆیان لە من نابوو، یان کەسانی وا هەبوون بە گوێیان دەچرپاندم و دەیانووت، چۆنی هاوڕێی سرینا (پەری. بەزمانی پۆلۆنی)، ئەوەش شادومانی و ماندووبوونی پێوەبوو.

ئەو خێزانە بەدەست ئەو تابلۆیە هەستیان بەخۆشی و بەبێزاری و ماندووبوونیش کردووە، میوانیان بەردەوام هەبوو، بەردەوام خەریکی پێشوزای بوون، بەتایبەتی ڕۆژانی یەکشەمموان، ژمارەی میوانەکانیان دەگەیشتە ٤٠٠ کەس، هاوینان میوانەکان بەپێلاوی پیسەوە دەهاتنە ژوورەکان و ماڵەکەیان پیس و ناڕێک کردووە، زستانانیش ماڵەکەیان لە قووڕو لیتە وەردراوە، بەتایبەتی کە خوێندکارانی مناڵ دەهاتن، کە کرێکارانی کانزاکان دەهاتن، ژنە خاوەن ماڵەکە زۆر تووڕەو ماندوو دەبوو، بەردەوام خەریکی ماڵ پاککردنەوە بووە بێ ئەوەی لە هیچ لایەنێکەوە یارمەتی بدرێت، خاوەن ماڵەکە ساڵی ١٩٥٢ داوایان لە شارەوانیی وارشۆ کردبوو شوقەیەکی تریان بۆ بدۆزنەوەو لەو شوقەیە ڕزگاریان بکەن، بەتایبەتی دیوارەکە ناشیرین بووەو ڕەنگی گۆڕاوەو تارمایی لێنیشتووە، ڕەنگە سپییەکەی بە ڕەنگی خاکی گۆڕیوە، عەردەکەشی چەندین پەڵەی ڕەشی گرتووە، بەڵام ئەوان وەڵامیان دابووەوە، کەوا ئەوان بەرپرسی ئەو شوێنە نین، دەکرێ سەردانی ئەنجوومەنی نۆژەنکردنەوەی پارێزگای وارشۆو وەزارەتی ڕۆشنبیری بکەن، کە دادە سافیسکا لە وەڵامنەدانەوەکان بێزاربیوو، لە ١٤ی فبرایری ساڵی ١٩٥٣ نامەیەکی تووڕەی ئاراستەی بەرپرسان کردبوو، داواکاربوو، یان بۆ شوقەیەکی ترم بگوازنەوە، یان دیوارەکانم بۆ نوێ بکەنەوە، بەتابلۆکەی بیکاسۆشەوە، ئەگەر ئەوەم بۆ نەکەن، ئەوا بەناچاری خۆم ئەو کارە دەکەم.

کە هەواڵەکە بڵاوکرایەوە، بە دوو ڕوانگەو ئاراستە باسی مەسەلەکەیان کرد، لایەنێک لەگەڵ پاراستنی تابلۆکەبوون، داواکاربوون شوێنەکە بکرێتە مۆزەخانەو بەشی دووەمیش لەگەڵ هەڵگرتنی تابلۆیەکەبوون، لە ژوورەکەو بگوازرێتەوە شوێنێکی تر، بەڵام هەموو پێشنیارەکان بایەخی نەبوو، بۆیە لە ١٢ی مانگی ئابدا ژنە خاوەن شوقەکە ڕەزامەندیی وەرگرتبوو، دیوارەکەی بۆیە بکاتەوەو تابلۆیەکەش ڕەشبکاتەوە، ئەو ژنە ئەو دەمەی باش لەبیرە کە تابلۆی پەری (سرینا) چۆن بەیەکجاری لەبەرچاو گووم بوو، کە بۆیەچییەکە خەریکی بۆیەکردنی تابلۆیەکە بوو، ژن و مێردەکە بە هەستێکی سەیر لە تابلۆیەکەیان دەڕوانی، وتبوویان:

وامانەزانی لە دیار ئەقونێکی پیرۆز وەستاوین.

ژنەکەی وتبووی:

لە چاوی مێردە نەخۆشەکەم هەستێکی تووڕەیی و خەمم دەبینی، هێدی هێدی فڵچەکە تابلۆکەی ڕەش دەکردەوەو دیوارەکەی سپی دەکردەوە.

چەند ساڵێک پاش ڕووداوەکە مێردی سافیسکا مردووە، ئەویش لە خەمۆکی و تەنهایی ژیان دەباتەسەر، بۆی نەکرا لەناو هەمان شوقە بژی، بۆیە گواستییەوە بۆ نهۆمێکی تر، بەڵام ئەرشیفی تابلۆکەی بیکاسۆی

لەگەڵ خۆی بردووە.

ژنی دوایی بیکاسۆش پاش خەمۆکی و تەنهایی (جاکلین رۆک) ساڵی ١٩٨٦ گوللەیەکی لەسەری خۆی داوەو خۆی کوشتووە، بە کۆتایی هاتنی تابلۆی پەرییەکەی بیکاسۆ لەسەر دیوارەکە، بە رەشکردنەوەکەی کۆتایی نەهاتووە، پۆلۆنییەکان لەیادی مردنەکەی ساڵانە باسی تابلۆکەیان کردۆتەوە، یان هەرجارێک لە وارشۆ پێشانگەی ئەو نمایشکرابێت، باسی پەرییەکەیان کردووە، ساڵانە میدیای پۆلۆنی باسی لەناوچوونی ئەو شاکارە هونەرە بەرزەی بیکاسۆ دووبارە دەکەنەوە. بیکاسۆ لە بەرشلۆنەش چیرۆکێکی هەمان شێوەی هەیە، لە ساڵی ١٩٠٣دا بیکاسۆ لە ماڵی برادەرێکی خۆی (جیم سابرتس) تابلۆیەکی کردووە، کە خاوەنەکەی خانووەکەی فرۆشتووە، خاوەن ماڵەکە دیوارەکەی بۆیە کردۆتەوەو تابلۆکەی رەشکردۆتەوە. کە ناوبانگی بیکاسۆ دەرچووەو وەک هونەرمەندێکی گەورەی جیهانی ناوی رۆیشتووە، خاوەن ماڵەکە زۆر پەشیمان بووە، کۆششی کردووە، نەمری بۆ دیوارەکە بگێڕێتەوە، بەڵام سوودی نەمابوو، ئەوەی کراش شێوەیەکی فێڵبازانە بووە.

## بیکاسۆ پاش سەردانەکەی پۆلۆنیا:

کە بابلۆ بیکاسۆ گەڕاوەتەوە فالوریس لە فەرەنسا، چەندین دیاریی پۆلۆنیی بۆ خێزانەکەی هێنابوو، مارسیلی شوفێرەکەی ترسی هەبوو، چونکە ئەو بە ناوی بیکاسۆ لە پۆلۆنیاوە نامەی بروسکەی بۆ فرانسوازی ژنی دەنارد، دەستەواژەکان، دەربڕینەکان لە فەرهەنگی بیکاسۆ بوونی نەبووە، ژنەکەی لەوە باش تێگەیشتبوو، بۆیە لەسەر کەرەوێتەکە بۆی دانیشتبوو، چاوەڕوانی دەکرد، کە بیکاسۆ بەڕووی خۆشەوە بەرەو رووی هاتووە، بەڵام ئەو بایەخی بە گەڕانەوەکەی نەدابوو، بۆیە بیکاسۆ بە سەرسامییەوە پرسیبووی، دیارە بە هاتنەوەکەم دڵشادو کامەران نیت..؟ بەتووڕەییەوە وتبوو:

ئەگەر ئەوجارە بۆ ماوەی سێ رۆژ سەرفەرێک بکەیت و یەک دێری نامەشم بۆ نەنووسیت و پاش مانگێک بگەڕێیتەوە، من لەو ماڵە نادۆزیتەوە، بۆ چاوەڕوانیت دانانیشم.

بە راکردن بەرەو ژوورەکەی کلودی کوڕی رایکردبوو، دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو. فرانسواز لە بیکاسۆ گەیشتبوو، ئەو دوو جۆرە ژن دەناسی، یان پێناسەی خودایی و یان بەدکاریی بۆ ژن کردووە، ئەویان لە جۆرە خوداییەکە بووە، ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بووایە..! ئەو شەوە بیکاسۆ هیچ قسەی لەگەڵ ژنەکەی نەکردووەو بەیانییەکەی دیارییەکانی پێشکەشکردبوو، کە لە وارشۆ بۆی هێنابوو، پاڵتۆیەکی کستنائی پێست بوو، بەرەنگی سوورو شین و زەرد رەنگکرابوو، بە پیستی بەرخی رەش پۆشتەکرابوو، بۆ کوڕەکەش هەمان شێوە پاڵتۆی بۆ هێنابوو، کە بەپیستی بەرخی سپی پۆشتەکرابوو، بەڵام بەیانییەکەی باسی تووڕەبوونەکەی دوێنێیان نەکردبوو.

بۆ بەیانییەکەی بیکاسۆ بەهاوشانی فرانسواز گەڕاوەتەوە مەرسەمەکەی. ئەو زستانە بیکاسۆ چەند تابلۆی لیتوگرافی دروستکردووە، کە دوایی ناویان نا، فرانسواز بە پاڵتۆ پۆلۆنییەکە، یان کیژەکە بە تابلۆ پۆلۆنییەکە، لەو وەرزەدا بۆ ژنەکەی و کوڕەکەی چەند تابلۆی بە جلوبەرگی میللیی پۆلۆنی دروستکردبوو.

ئەگەرچی ئەو چەند تابلۆیەکیشی دروستکردبوو، بەڵام پەیوەندییەکەیان ساردیی تێکەوتبوو، ژنەکە هەستی کردبوو بیکاسۆ وەک جاران نەماوە، لە زمانە هونەرییەکەی زۆر لە هێما هونەرییەکانی گوم دەبوون، بەتایبەتی کە چەند تابلۆی لیتوگرافی بۆ حیکایەتەکانی سوارەکان کردبوو، هەمووش ئیلهامی لە کولتووری پۆلۆنی وەرگرتبوو، ئەو وێنانە، سوارەکان لە خەون و هوشیارییەکانی وەک سێبەر هاوشانی بوون، لە پاش گەڕانەوەکەی پۆلۆنیا بزاڤی ئاشتییەکە، هاوشانی بووە، ئەوەش مەترسیی هەبوو عەشقە پیرۆزە کۆنەکەی لەناو ببات، پاش ئەو سەفەرەی بیکاسۆ بۆ پۆلۆنیا مەرسەمەکەی لە شاری فالوریس بووە منارەیەکی چەپگەری، زۆر لە کەسایەتیی پۆلۆنی و ئیسپانی زۆر سەردانیان کردووە، چالاکەکان لە بواری ئاشتیی فەرەنسی بوونیان لەلای ئەو هەبووە، لە ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ بول ئیلوارو لویس ئاراگون کاریان بۆ کۆنگرەی

ئاشتیی یەکەم لە پاریس کردووە، کاری کرد بۆ کۆنگرەکە دروشمێک دابرێژێت، ئەوەش سەربردەیەکی خۆشی هەبووە، وردەکارییەکەش بەو شێوەیەیە:

لە سەرەتای فبرایری ساڵی ١٩٤٩، دوا کاتی هێنانی دروشمی کۆنگرەکەبوو کە لەلایەن بیکاسۆوە پێشکەش بکرێت، تا ناوەندیی مانگەکەش کە لویس ئاراگۆن دەچێتە مەرسەمەکەی بیکاسۆ لە شەقامی (گران ــ ئوگستن) دەبینێ بیکاسۆ بۆ دروشمەکە هیچی ئامادە نەکردووە، هیچ بیرۆکەیەکی سازیشی دیار نییە، بۆیە تا بیکاسۆ لەو تەنگژەیە رزگار بکات، ئاراگۆن لە دۆسیەو سکێچەکانیدا دەگەڕێ چاوی بە وێنەی کۆترێک دەکەوێت، بەوەش کێشەو رامانەکەی بیکاسۆ تەواو دەبێت و کۆتایی دێت، وێنەی کۆترەکە بەرەو چاپخانە بەڕێ دەکرێت. لە ٢٥ی مانگی مارسی ١٩٤٩ لە دیوارەکانی پاریس و لەسەر دیوارەکانی شارەکانی تری ئەوروپی بە پۆستەرەکان بەستنی کۆنگرەکە راگەیەندرا، یەکەم جار سونبلی کۆتر بڵاوکرایەوە، لەو رۆژەوە ناونرا کۆتری ئاشتی، بووە هێمای ئاشتی لەهەموو جیهان، ئەو کۆترە لەلایەن بیکاسۆ بەچەندین شێوەیە وێنەی کێشراوە. جارێکیان فرانسوازی هاوسەری بە کۆترە شوومەکەش ناوی بردووە.

ئەگەرچی کۆترەکە بە رێکەوت بووە سونبلی ئاشتی و کۆنگرەکە، بەڵام کۆنگرەی ئاشتی لە ساڵی ١٩٥٠ لە وارشۆ بەسترا، خەڵاتی ئاشتییان بە بیکاسۆ بەخشیبوو، ئەوەش لە ئەنجامی کاردانەوە زۆرەکەی کۆترەکە لە جیهان دروستی کردبوو، ئەو کۆترە وێنەیەکە بۆ کۆترێکی راستەقینە کرابوو، کە نیگارکێشی فەرەنسی (هنری ماتیس) چوار کۆتری بە دیاری دابووە بیکاسۆ بە بۆنەی بە سەلامەتی گەڕانەوەی لە پۆلۆنیا، ئەویش وێنەی یەکێکیانی کێشابوو وەک مۆدێلێک بەکاریهێناوە، بێکاسو وەک هەڵوێست کەسێکی مولحیدبووە، بەڵام بڕوای بەچەند ئەفسانەی سیحری هەبووە، تووشی وەسوەسەی ئیسپانی هاتبوو، ئەوەشیان فرانسوازی هاوسەری لە ژیاننامەکەیدا ئاماژەی پێداوە، بەڵام خۆشەویستیی کۆتر لەلای ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی، باوکیشی باڵندەی لە ماڵەوە راگرتووەو وێنەی کێشاون و شەیدای ئەو ئارەزووە بووە، بیکاسۆش لە ساڵی ١٩٤٣دا هێڵکاریی بۆ چەند وێنەیەک کردووە، بە مەرەکەبیش وێنەی کێشاون. وێنەی کۆتریش لە خەزەفەکان و گرافیکەکان لە ساڵی ١٩٦٤٦ کردووە.

فرانسواز لە بیرەوەرییەکانیدا باسی رووداوەکانی مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٤٩ی کردووە، نووسیویەتی:

من سکم هەبوو، ژانم هەبوو، ئەویس لەگەڵ هاورێیەکانی سەرقاڵی کارو بەرنامەکانی کۆنگرەی ئاشتی بوو لە پاریس، کە ژانەکەم زۆربوو، چوومە لای دکتۆر، ئەویش ئامۆژگاریی کردم پاش سێ رۆژی تر بگەڕێمەوە لای، بە دکتۆرەکەم وت، هاتنەوەکەم ئەوەندە پێویستە، من لەو رۆژە کارێکی زۆر گرینگمان هەیە، لەو رۆژە کۆنگرەکە دەکرێتەوە، بۆ بیکاسۆش ناکرێ لەگەڵم بێت، بەڵام دکتۆرەکە سووربوو لەسەر ئەوەی لەو رۆژە دەرزیی لێبدات و منالەکەیان ببێت، بەیانییەکی بیکاسۆ دەچێتە هۆڵی بلابیل لە پاریس و ژنەکەی دەچێتە نەخۆشخانە، دەبێ بیکاسۆ زوو بۆ پێشوازی و مەراسیمی وەرگرتنی خەڵاتەکە لەوێ بێت، بەتایبەتی لەبەر ئەندامانی وەفدە پۆلۆنییەکە، بۆیە ژنەکە ناچاربووە بەتەنها بچێتە نەخۆشخانە، بە شوفێرەکەی دەڵێ من زۆر بەپەلەمە، من بگەێنە هۆڵەکە پاشان فرانسواز بگەێنە نەخۆشخانە، کە منالەکە لە دایک دەبێت، مارسیلی شوفێر دێتە بن گوێی و پێی ڕادەگەێنێت، کیژێکیان بووە، ئەویش زۆر دڵشاد دەبێت، بەڵام کۆنگرەکە جێناهێڵێت، ناو لە کیژەکەش دەنێت (بالوما) کە بە زمانی ئیسپانی کۆترە، دوو کۆتر لە ژیانی بیکاسۆ پەیدا دەبێت یەکێکیان بۆ ئاشتی و یەکێکیان بۆ ئەڤین، ئەوەش بە مەزندەو دەربڕینەکەی ئاراگۆنی هاورێیی.

بەڵام ئەو کۆتری ئەڤین زۆر لەگەڵ باوکی نەماوەتەوە، چونکە فرانسواز هەستی کردووە ژیان لەگەڵ بیکاسۆ زەحمەت بووە، بۆیە پاش چوار ساڵ بەتەنها جێیدەهێڵێت، کوڕەکەو کیژەکەشی دەبات، ئەوەش بۆ ژیانی ئەو گەردەلوولێک بووە، بەڵام ئەو زۆر بەتەنها نەماوەتەوەو تا (جاکلین رۆک)ی دۆزیوەتەوە، ئەو ژنە هاوسەرو مۆدیلی بووە تا رۆژی مردنەکەی لە رۆژی یەکشەممەی ٨ی ئەپریلی ساڵی ١٩٧٣، ماوەی دە ساڵ بەیەکەوە ژیاون.